بڕیار بە دامەزراندنی ژمارەیەک وەستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا عێراق و چین گرێبەست واژۆ دەکەن



بڕیار بە دامەزراندنی ژمارەیەک وەستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا وەزارەتی کارەبای عێراق گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای شەنگهای چینی واژۆدەکات کە توانای وەستگەکان دەگاتە ١٠ هەزار مێگاوات.

ئەمڕۆ سێشەمە ، قەیس وائلی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی کارەبای عێراق، بە ڕۆژنامەی فەرمی راگەیاند، بڕیارە حکومەتی عێراق گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای شەنگهای چینی بکات کە ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی وەزارەتەکە بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی کارەبا کە ئێستا گەیشتووەتە ٢٨ هەزار مێگاوات.

بەپێی لێوەشکرد، پێشتر وەزارەتەکەیان چەندین ڕێککەوتنی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیای جیهانی واژۆکردووە

و دیارترینیان ڕێکخوتن بوو لەگەڵ کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئەلیکتریکی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی وەستگەیەک بۆ توانای دوو هەزار و ٤٠٠ مێگاوات.